# کردەوەی چاک ئەنجامبدەن بە پێی تواناتان، والله؛ خودا پاداشت وفەزڵی خۆی لە ئێوە ناپچڕێنێت هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات وئافرەتێک لە لای دانیشتبوو، فەرمووی: «ئەمە کێیە؟»، (عائیشە) ووتی: ئەمە فڵانە باسی (زۆری) نوێژەکانی دەکات، فەرمووی: «کردەوەی چاک ئەنجامبدەن بە پێی تواناتان، والله؛ خودا پاداشت وفەزڵی خۆی لە ئێوە ناپچڕێنێت هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن»، وخۆشەویستترین دینداری لە لای (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-) ئەوە بوو کە ئەنجامدەرەکەی لەسەری بەردەوام بێت.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئافرەتێک سەردانی عائیشەی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- وباسی زۆری پەرستن ونوێژەکانی دەکات، عائیشە ئەمەی بۆ پێغەمبەری خودا باسکرد -صلى الله عليه وسلم-، بەڵام ئەو نەهی لێکرد لەم زیادەڕەوییە لە پەرستن وئەرکی قورس خستنە سەر خۆ، وپێی فەرموو: (کردەوەی چاک ئەنجامبدەن بە پێی تواناتان، والله؛ خودا پاداشت وفەزڵی خۆی لە ئێوە ناپچڕێنێت هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن): خوای گەورە پاداشتتان بۆ دەنووسێت هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن بۆیە ئەگەر ماندوو بوون ئەرکی قورس وناڕەحەت مەخەنە سەر خۆتان، وخۆشەویستترین دینداری لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بووە کە ئەنجامدەرەکەی لەسەری بەردەوام بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5845

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee